# نامەیەک

ئا: سەرنووسەر

*** نامەیەک لە (شێرزاد حەسەن)(١)ـەوە بۆ ئازاد عەبدولواحید**

برام ئازاد.. زۆر سڵاو و ڕێزم هەیە بۆ تۆ و بەیان خان (٢) و چاوی سوورە (٣) ماچ دەکەم، بەڵێن بێ کە هاتم قەڵەمی بۆیە و شتی بۆ بێنم (٤).

کاکە گیان.. زۆر سوپاس کە دیدارەکەمان وەکوو خۆی بڵاوبۆوە (٥)، لێرە سەدای باشی هەبوو (٦)، گەرچی نوسخە (ی) کەم گەیشتە ئێرە، تکایە گەر دەکرێ لە (١٠) تا (٢٠) دانە و بگرە (زیاتریش)، بەو شۆفێرەی دێتە لات، چەند بنێری خەراپ نییە، لێرە داواکاری زۆری لەسەرە (٧). بەڵێنە و لەگەڵ دڵشاد عەبدوڵڵا (٨) قسەم کرد، حەز دەکا (٣٠٠) نوسخە کەمتر، یان زیاتر لەگەڵ (ڕامان) ئاڵوگۆڕ بکرێ، واتا ئەوان گۆڤاری (ئێستا) (٩) بنێرنە هەولێر و ئێوەش (ڕامان) بێنن بۆ سلێمانی، نازانم ئێوە چ دەڵێن؟! تکایە ژمارەی ترم بۆ بنێرە لە ڕامان، بە کوردی تەڵەبی زۆرە (١٠).

هەروەها حەز دەکەم پێت بڵێم من هەنووکە لە (ئێستا) یەکێکم لە ئەنجوومەنی نووسین، یان بڵێم وەک ڕاوێژکار بم وایە (١١)، ڕەنگە سەری مانگ (مارلین) لەو ژمارەیە (دا) بڵاوبێتەوە، واتا تەوقیتی لەگەڵ ژمارە (٩)(ی) ڕامان دەردەچێ (١٢)، چونکە لە چیرۆکەکانی (ڤـ) فیستیڤاڵی (گەلاوێژ) زۆریان خەراپ بوون، دڵشاد حەزی کرد ئەو (مارلین)ـەی منی تیا بێ، پێشم وت لە هەولێریش بڵاودەبێتەوە، پێیان ئاساییە (١٣).

دیارە بۆ من هیچ یاسا و سنووربەندییەک نییە، بە هەرحاڵ ئەگەر تۆ پێت ناخۆشە کە (مارلین) لە سلێمانی و لە هەولێر بڵاوبێتەوە، ئەوە دەتوانی لای خۆت ڕایبگریت (١٤)، هەرچەندە من زۆر شاگەشکە دەبم گەر (مارلین) لە ڕامان بڵاوبێتەوە، چونکە من بڕوام وایە خوێنەرانی هەولێر لە شتەکانی خۆم مەحرووم نەکەم، لەوەشدا دەکرێ وا بکەم کە هەردوو شارەکە بمخوێننەوە (١٥)، دوا بڕیاریش لای خۆتە، بەڵام گەر کرا ئەم دوو گۆڤارە لە نێوان هەردوو شارەکەدا ئاڵوگۆڕ بکرێ (ن)، ئەوسا کەس (هەست) حەز بەوە ناکا و پێویست ناکات بابەتێک لە دوو شوێندا بڵاوبکاتەوە، بەڵام بە ڕاستی تا حاڵ وابێ، من ئەوەی دەیکەم بەچارەسەری دەزانم، تا ئەو حەلە (ی)، ئەم حەساسیەتە لەناو دەچێ (١٦).

زۆر ڕێزم بۆ کاک سەرۆ و باقی هاوڕێیان

هەیە (١٧)، کۆتایی ئەم هەفتەیە خۆشم دێم و ڕەنگە بابەتی تازەش بێنم، لەگەڵ هەندێ کتێبی چاپکراو لە هەندەران (١٨)، تکایە وێنەکانی خۆم و باوکم بپارێزە (١٩)، بەر لەوەی بێم سەری ماڵی خەزوورت دەدەم (٢٠)، خۆش بیت، تکایە (ئەگەر) دەکرێ بەو شۆفێرەدا نامەیەکی کورتم بۆ بنووسە؟ (٢١)

**ئیمزا**

**برات/ شێرزاد حەسەن**

**١٩٩٧/٢/١٧ (٢٢)**


## پەراوێزەکان:

(١) شێرزاد حەسەن، ناوی تەواوی (شێرزاد حەسەن سلێمان)ـە، لە ساڵی ١٩٥٠، لە گەڕەکی (کوران)ی لە هەولێر لەدایکبووە، چوار ساڵی قۆناغی سەرەتایی لە ڕواندز خوێندووە، پاشان سەرەتایی و قۆناغەکانی دیکەی خوێندنی لە هەولێر تەواو کردووە، دواتر چووەتە بەغدا و بەکالۆریۆسی لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا – بەشی زمانی ئینگلیزی، لە ساڵی ١٩٧٤ – ١٩٧٥ تەواو کردووە. بەدرێژایی (٣٠) ساڵ وەک مامۆستای زمانی ئینگلیزی و سەرپەرشتیار لە کایەی پەروەردەدا کاری کردووە، لە ساڵانی ١٩٩٤ – ١٩٩٧ لە بەشی پەروەردە و ڕاگەیاندن، لە ڕێکخراوی MAG دا کاری کردووە، ماوەی (٢) ساڵیش سەرنووسەری گۆڤاری (ئاوات و هێڤی) بووە، کە ڕێکخراوەکە بۆ منداڵان و قوتابیان دەری کردووە. ماوەی (٦) ساڵ لە ڕێکخراوی UNESCO لە کاروباری پەروەردەدا کاری کردووە. لە ساڵی ١٩٩٧، بۆ ماوەی (١٠) مانگ لە شاری تامپێری لە فینلەندا پەنابەر بووە. لە ساڵی ١٩٨٣وە کە یەکەم کۆچیرۆکی خۆی بەناوی (تەنیایی) چاپ کرد، تا ئەمڕۆ نزیکەی (٤٠) کتێبی لە بوارەکانی چیرۆک و نۆڤلێت و ڕۆمان و وەرگێڕان و باس و بابەتی هزری و ئەدەبی نووسیوە و وەرگێڕاوە، بەشێک لە کتێبەکانی چەند جارێک چاپ کراونەتەوە.

(٢) بەیان خان: مەبەستی بەیان عەبدولڕەزاق سەبری عەبدولواحیدە، کە لە ١٩٦٤/٩/٧ لە گەڕەکی دەرگەزێن، لە شاری سلێمانی لەدایکبووە، هاوژینی ئازاد عەبدولواحید و دایکی (تەوار، ژیوار، واژام، تار، هەنار)ە، تا ڕۆژی خانەنشینبوونی فەرمانبەری مووزەی ئیتنۆگرافی فۆلکلۆریی سلێمانی بوو.

(٣) سووره: مەبەستی واژام ئازاد–ی کوڕمە، کە ئەوسا تەمەنی (٦) ساڵان بوو، ماڵمان لە پیرمام بوو، بۆ ڕاپەڕاندنی ئیشوکارەکانم دەهاتمە هەولێر و ڕۆژانە هاتوچۆم دەکرد، ئەو کە لە یەکی سەرەتایی دەیخوێند، ئێستا کۆلێژی یاسای تەواوکردووە و خاوەنی (٢) منداڵە بەناوەکانی (ڕەها) و (ڕۆزا).

(٤) واژام کە زۆر حەزی لە نیگارکێشان دەکرد، میانەشی لەگەڵ (شێرزاد حەسەن)ی مامی زۆر خۆش بوو، بۆیە بەڵێنی هێنانی بۆیە و قەڵەمی ڕەنگاوڕەنگ و دەفتەری وێنەکێشانی پێ دا، بۆ ئەوەی زیاتر نێوانیان خۆش بێ، دوایی ئەو بۆیە و قەڵەمە ڕەنگاوڕەنگانەی



هەر بۆ نەهێناو بەڵێنەکەی نەبردەسەر (پێم وایە لەبیری چوو)، ئەویش مێشکی بردبووم و زوو زوو دەپرسی کە مامە شێرزاد کەی دێ؟

(٥) شێرزاد حەسەن لە نامەکەیدا نووسیویەتی: (زۆر سوپاس کە دیدارەکەمان وەکوو خۆی بڵاوبۆوە)، ئاماژە بەو گفتوگۆ دووقۆڵییەی نێوان خۆی و من دەکا کە لە ژمارە (٨)ی گۆڤاری ڕامان، ڕێکەوتی ١٩٩٧/٢/٥دا بڵاوکرایەوە، ئیدی شایەدی دەدا کە وەکوو خۆی بڵاوکراوەتەوە، واتە وەک نەریتی ئەوسا و ئێستامان هیچمان لێ نەقرتاندووە.

(٦) دەڵێ: (لێرە سەدای باشی هەبوو)، مەبەستی سەدای چاوپێکەوتنەکەیە لە شاری سلێمانی، هەرچەندە بەهۆی بارودۆخی سیاسی ئەو کاتەوە ژمارەی زۆر کەمی گۆڤارەکە دەگەیشتە ئەوێ، بەڵام وەک دەمبیستەوە زۆر بەباشی دەستاودەستی دەکرد و دەخوێنرایەوە.

(٧) نووسیویەتی: (داواکاری زۆری لەسەرە)، ئەو داواکارییە زۆرەی خوێندەوارانی سلێمانی کە لە ڕێی کەسانی زۆرەوە (یەکێک لەوانە شێرزاد حەسەن بە من دەگەیشت)، هۆکارێکی ئەوە بوو کە گۆڤارەکە خۆی لە سیاسەت بە دوور گرتبوو، لەوانەیە هۆکارێکیشی (لكل ممنوع مرغوب) بێ.

(٨) نووسیویەتی: {لەگەڵ دڵشاد عەبدوڵڵا قسەم کرد، حەز دەکا لە (٣٠٠) نوسخە کەمتر، یان زیاتر لەگەڵ (ڕامان) ئاڵوگۆڕ بکرێ}، دڵشاد عەبدوڵڵا کە هاوڕێیەکی ساڵانی حەفتاکانی منە، خۆشی خەڵکی هەولێرە، من و (شێرزاد حەسەن)ی بەباشی دەناسی، دەیویست ببێتە ناوبژیکارێکی خێر بۆ گەیاندنی چاپکراوە ئەدەبییەکانی سلێمانی بە هەولێر و گەیشتنی چاپکراوە ئەدەبییەکانی هەولێریش بە سلێمانی، ئەو نیەتە باشەی هەردوو لامان بەرووبوومی خۆی هەبوو.

(٩) نووسیویەتی: «ئەوان (ئێستا) بنێرنە هەولێر و ئێوەش (ڕامان) بێنن بۆ سلێمانی، نازانم ئێوە چ دەڵێن؟!»، بێجگە لە ڕەزامەندی دەربڕین و خۆشحاڵی، هیچی دیکەم نەبوو، ئێمە کە ئەو هەموو زەحمەت و ئەرک و ماندووبوون و شەونخوونییەمان بۆ دەرکردنی گۆڤاری ڕامان دەچەشت، زۆر حەزم دەکرد ڕەنج و ماندووبوونەکەمان لەلایەن خوێنەرانەوە بخوێنرێتەوە و ببینرێ. دوای ئەو هەوڵە کەسانی دیکەش هاتنە ناو مەسەلەکەوە و لە زۆر لاوە قسەی خێری تێدا کرا، لەوانە: فەلەکەددین کاکەیی و مەهدی خۆشناو، ئیدی بە هیمەتی هەموو لایەک دیواری بەرلین — ی کولتووری و ئەدەبی ڕووخا، مانگانە دڵشاد عەبدوڵڵا بەکارتۆن ژمارەیەکی باشی لە گۆڤاری (ئێستا)ی بۆ دەناردین، بەشێکی لە یەکێتیی نووسەرانی کورد — لقی هەولێر، ڕەوانشاد مەهدی خۆشناو، وەک سەرۆکی لق لەلای خۆی گلی دەدانەوە و بەسەر نووسەراندا دابەشی دەکردن، منیش کە بەشێکی ژمارەکانی گۆڤارەکەم بۆ دەهات، دەمدانە هەموو ئەوانەی سەردانیان دەکردم، تەنانەت لێم دەدایە ئەوانەی لە دەرەوەی هەولێر و ئەم لا و ئەو لاش دەهاتن و سەردانیان دەکردم.

(١٠) نووسیویەتی: (تکایە ژمارەی ترم بۆ بنێرە لە ڕامان، بە کوردی تەڵەبی زۆرە)، بەهۆی شێوازی مامەڵەی ڕۆژنامەوانیمان لە بواری کاری ئەدەبی و کولتووری و هونەریدا، ڕامان هەر لە سەرەتاوە دەنگ و سەدایەکی باشی هەبوو، هەر زوو لەلای خەڵکی بووە گۆڤارێکی خۆشەویست و دڵخوازی خوێنەران، بەتایبەتیش کە هەوڵمان دا بە هەناسەیەکی نەتەوەیی و نیشتمانی کار بکەین، بۆیە نووسەران و ڕووناکبیرانی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان و شار و شارۆچکەکانی باشوور و هەندەران، زۆر پەرۆشی بینینی گۆڤاری ڕامان بوون و بەگەرمی پێشوازییان لێ دەکرد و هەواڵیان دەپرسی.

(١١) نووسیویەتی: (من هەنووکە لە (ئێستا) یەکێکم لە ئەنجوومەنی نووسین، یان وەک

ڕاوێژکار بم وایە)، بەگەیاندنی ئەو هەواڵە، شێرزاد حەسەن دەیەوێ دڵنیایی بداتە من کە کارەکان بە ڕێکی و بە دڵی تۆ بەڕێوە دەچن، چونکە من و ئەو لە مێژبوو زمانێکی هاوبەشمان دروست کردبوو، لە سەردەمی هەرزەکاری و گەنجێتییەوە لە یەکترەوە نزیک بووین، من کوڕی ماڵی ئەوان و ئەویش کوڕی ماڵی ئێمە و دواتر ماڵی خۆشم بوو، دەمزانی هەر کارێک بکات، لە نیەتێکی باشەوە دەیکات.

(١٢) دەڵێ: (ڕەنگە سەری مانگ (مارلین) لەو ژمارەیە (دا) بڵاوبێتەوە، واتا تەوقیتی لەگەڵ ژمارە (٩)ی ڕامان دەردەچێ)، شێرزاد حەسەن کە ئەوەم بۆ دەنووسێ، مەبەستی ئەوەیە بڵێ چیرۆکەکەم لە یەک کات لە هەردوو گۆڤارەکەدا بڵاو دەبێتەوە، چونکە پێشتر کە چیرۆکەکەی دایە من لە گۆڤاری ڕامان — دا بڵاوی بکەمەوە، باسوخواسی ئەوە لە گۆڕێ نەبوو لە گۆڤاری (ئێستا)دا بووبێتە (یەکێک لە ئەنجوومەنی نووسین)، یان (ڕاوێژکار) بێت، بۆیە پێشتر پێم ڕاگەیاندبوو کە چیرۆکەکەی لە ژمارە (٩)ی گۆڤارەکەدا بڵاو دەکەینەوە، ئەوە بوو لە ژمارە (٨)ی گۆڤارەکەشماندا چاوپێکەوتنەکەم لەگەڵی بڵاوکردەوە.

(١٣) نووسیویەتی: (لە چیرۆکەکانی (ڤ) فیستیڤاڵی (گەلاوێژ) زۆریان خراپ بوون، دڵشاد حەزی کرد، ئەو (مارلین)ـەی منی تیا بێ، پێشم وت لە هەولێریش بڵاو دەبێتەوە، پێیان ئاساییە)، دوای ئەوەی شێرزاد حەسەن ئاگاداری کردمەوە کە چیرۆکەکەی لە ژمارەی داهاتووی (ئێستا)دا بڵاو دەکرێتەوە، من لەلای خۆمەوە بڵاوکردنەوەی چیرۆکەکەیم لە ڕامان ڕاگرت، چونکە سیاسەتی گۆڤارەکەمان هەر لە سەرەتاوە وا بووە کە بابەتی بڵاوکراوە، لە هەر کوێ بڵاوی بکرێتەوە، دووبارە بڵاو ناکەینەوە، لەبەر ئەوەی نووسەر و ئەدیب و ڕۆژنامەنووس و هونەرمەندانی زۆر ڕوویان تێکردبووین و لە هەموو لایەکەوە بابەتیان بۆ دەناردین، تەنانەت ئەوانەی هەندەرانیش بە فاکس و بە دیسک بەرهەمی نوێی خۆیان بۆ دەناردین، بۆیە لە چەند حاڵەتێکی زۆر کەم نەبێ، بابەتی دووبارەمان بڵاو نەدەکردەوە، ئەوەمان بە چێشتێکی گەرم کراوە دەزانی، دەنا ئەگەر پێشتر لەلای ئێمە بڵاوکرابایەوە، ئەوە لەلامان ئاسایی بوو، دواتر لە شوێنی دیکە بڵاو بکرێتەوە.

(١٤) دەڵێ: (دیارە بۆ من هیچ یاسا و سنووربەندییەک نییە، بە هەر حاڵ ئەگەر تۆ پێت ناخۆشە کە (مارلین) لە سلێمانی و لە هەولێر بڵاو بێتەوە، ئەوە دەتوانی لای خۆت ڕایبگریت)، هەر واشم کرد، من لەلای خۆم بڵاوکردنەوەی چیرۆکەکەیم ڕاگرت، چونکە زانیم پێش ئێمە لە گۆڤاری (ئێستا)دا بڵاو دەکرێتەوە، لەوەدا تەنیا ئەوەم پێ ناخۆش بوو، ئەو هەموو بەرهەمەی نووسەرانم لەلا بێ و بۆ بڵاوکردنەوەیان نۆرەیان گرتبێ، کەچی من بچم بابەتی دووبارە، یان هەندێ جار سێبارە بڵاوبکەمەوە.

(١٥) نووسیویەتی: (هەرچەندە من زۆر شاگەشکە دەبم گەر (مارلین) لە ڕامان بڵاوبێتەوە، چونکە من بڕوام وایە خوێنەرانی هەولێر لە شتەکانی خۆم مەحرووم نەکەم)، ئەوساکە گۆڤاری ڕامان پڕ خوێنەرترین گۆڤاری کوردی بوو، بۆیە دەڵێ شاگەشکە دەبم ئەگەر لە ڕامان بڵاوبکرێتەوە، لەولاش بووەتە (یەکێک لە ئەنجوومەنی نووسین)، یان (ڕاوێژکار) و ناتوانێ تەوقیتی بڵاوبوونەوەکەی پێیان بگۆڕێ، لەبەر هەندێ نەکرا چیرۆکەکەی لە (هەردوو شارەکە بیخوێنرێتەوە).

(١٦) دەڵێ: (گەر کرا ئەم دوو گۆڤارە لە نێوان هەردوو شارەکەدا ئاڵوگۆڕ بکرێ(ن)، ئەوسا کەس هەست (حەز) بەوە ناکا و پێویست ناکات بابەتێک لە دوو شوێندا بڵاو بکاتەوە، بەڵام بەڕاستی تا حاڵ وابێ، من ئەوەی دەیکەم بە چارەسەری دەزانم، تا ئەو حەلە (ی) ئەم حەساسیەتە لەناو دەچێ)، ئەو ڕستانەی شێرزاد حەسەن بۆ (٢) جار بڵاوکردنەوەی

چیرۆکەکەی پتر بە بیانوو هێنانەوە دەچن، دەنا لای ئێمە لەمێژە بە هەموو ئەوانەم ڕاگەیاندووە کە تەنیا پێش ئێمە لە شوێنی دی بڵاو نەکرابێتەوە، ئێمە بابەتەکەیان بڵاو دەکەینەوە، دواتر نووسەرەکە ئازادە لە چەند جێگەی دی بەرهەمی خۆی بڵاوی دەکاتەوە، باوەڕتان هەبێ ئێمە چەندان جار گۆڤارەکەمان گەیشتووەتە قۆناغی کۆتایی (ترێس) و خەریک بووە بیبەینە چاپخانە، یان یەک – دووجار لە چاپخانە بووە کە زانیومانە بابەتێک بڵاوکراوەتەوە، یەکسەر بابەتەکەمان دەرهێناوە و بابەتێکی دیکەمان لە شوێنی داناوە، ئێستاش کە بابەتمان بۆ دێ، یەکەم پرسیارمان ئەوەیە: ئایا ئەو بەرهەمەت لە شوێنی دی بڵاوکردووەتەوە، یان نا؟

(١٧) کاک سەرۆ: مەبەستی سەرۆ قادرە، کە ئەوکاتە بەرپرسی دەزگای گوڵان بوو، گوڵان بێجگە لە ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن، چەند بڵاوکراوەیەکی دەردەکرد لەوانە: گوڵان (سیاسی)، گولان العربي (بە زمانی عەرەبی)، ئێوارەی گوڵان، گوڵانی لاتینی، ڕامان.

(١٨) نووسیویەتی: (کۆتایی ئەم هەفتەیە خۆشم دێم و ڕەنگە بابەتی تازەش بێنم، لەگەڵ هەندێ کتێبی چاپکراو لە هەندەران)، هاتوچۆکردنی شێرزاد حەسەن بۆ هەولێر و هەموو شار و شارۆچکەکانی کوردستان، یان هەر ناوچەیەکی بیویستبا، بەهۆی ئەوەی ئۆتۆمبێل و شوفێری هەبوو، ژمارەی ئۆتۆمبێلەکە شین و سەر بە یونیسێف – نەتەوە یەکگرتووەکان بوو، بەو هۆیەوە زوو زوو لە شەقڵاوە و پیرمام سەری لێ دەداین، دواتر کە هاتینەوە هەولێریش پێی لێ نەدەبڕین، لەم هاتنانەیدا بەرهەمی خۆی و هاوڕێکانی سلێمانی لەگەڵ خۆی دەهێنا، هەندێ کتێبی کوردیی چاپکراوی هەندەرانیشی بۆ دەهێنام تا لە بەشی خوێندنەوەی کتێب نووسەران ڕابسپێرین لە بارەیانەوە بنووسن.

(١٩) دەڵێ: (تکایە وێنەکانی خۆم و باوکم بپارێزە)، بۆ چاوپێکەوتنەکەمان کە لە ژمارە (٨)ی گۆڤاری (ڕامان)دا بڵاوکرایەوە، کۆمەڵێک وێنەم لێ وەرگرتبوو، ئەو وێنانە هیی قۆناغە جیاوازەکانی منداڵی و مێردمنداڵی و لاوێتی، یان هیی باوکی و کەسانی دیکە بوون، مەبەستی لەو وێنانەیە بیانپارێزم. حەز دەکەم لێرە ڕوونکردنەوەیەک بدەم، لە ژمارە (١)وە تا دوا ژمارەی گۆڤاری ڕامان (٣٤٥)، کە مێژگرد و گفتوگۆی بەرفراوان لەگەڵ نووسەر و هونەرمەند و ئەدیبان دەکەین، ژمارەی وا هەبووە زیاتر لە یەک چاوپێکەوتنی تێدابووە، جار هەبووە (٢)، یان (٣) چاوپێکەوتنی تێدا بڵاوکراوەتەوە، بەڵام تا ئەم ساتە (١) پەڕەتیر و کوتە کاغەز، یان وێنەی کەسێکمان لەلا نەفەوتاوە، ئەگەر ئەوەندە قایمکار نەبووباین، ئەوە لە مێژ بوو متمانەمان لەناو نووسەرانی کورد لە دەستدابوو.

(٢٠) نووسیویەتی: (بەر لەوەی بێم سەری ماڵی خەزوورت دەدەم)، ماڵی ئاوابێ، چی جارێک کە لە سلێمانییەوە هاتبێتە لامان، سەردانی ماڵی خەزوورم (عەبدولڕەزاق سەبری عەبدولواحید)ی دەکرد، هەر ڕاسپاردە و ئەمانەتێک، یان نامەیەک، پەیامێک هەبوایە، بۆی دەهێناین و بە بیستنی هەواڵی ساغی و سەلامەتییان، شادمان دەبووین.

(٢١) لە دوا دێڕی نامەکەدا نووسیویەتی: (ئەگەر) دەکرێ بەو شۆفێرەدا نامەیەکی کورتم بۆ بنووسە)، من باشم لە بیرە، هەر ئەو کاتە و دەمودەست نامەیەکی جوانم بۆی نووسی، بەڵام ئایا وەک من قایمکارە و تا ئێستا کە (٢٩) ساڵ بەسەر ناردنی نامەکەی تێپەڕیوە، ئەویش توانیویەتی نامەکەی من لەلای خۆی بپارێزێ؟

(٢٢) مێژووی لەسەر نامەکە نووسیبوو، هەر ئەو کاتەی نامەکەم بە دەست گەیشت، من ڕۆژ و مانگ و ساڵەکەم نووسی.